# بۆچی (پ ك ك) پاره له ڕەوەندەکانی قەندیل وەردەگرێت ؟

**دکتور فایق محەمەد گوڵپی**

چەند ڕۆژێکه کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی باشوری کوردستان بابەتی پاره کۆکردنەوەی (پ ك ك) یان کردۆته بابەتی ڕۆژ، هەریەك له سایتی (سبەی) و (ڕادیۆی جەماوەر) ئەم بابەتەیان وروژاند، پەیامنێرێکی ڕادیۆی جەماوەر پێوەندی به برادەرانی (پ ك ك) وە کرد، دەربارەی ئەو مەسەلەیه پرسیاری لێکردن، برادەرانی (پ ك ك) بە پەیامنێرەکەی ڕادیۆی جەماوەریان وتوه، کاری وەرگرتنی هاوکاری لە خەڵکی ناوچەکانی قەندیل، ئێمە ئەنجامی نادەین و پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان پێی هەڵدەسێت.

منیش به پێویستم زانی لەو بارەیەوە کەمێك زانیاری و بۆچون بخەمە بەرچاوی خوێنەر و بیسەرانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی باشوری کوردستان، بۆ ئەوەی تاکی کورد له سەر بابەتێکی وا زانیاری و تێگەیشتنێکی باشی هەبێت.

لە شۆڕەکانی باشوری کوردستاندا کە لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بەڕێوەبران، یەك لە سەرچاوە سەرەکیەکانی داهاتی شۆڕش، هاوکاری خەڵکی کوردستان بووە، ئەو هاوکاریە بە شێوەیەکی سەرەکی لە جوتیارانی کوردستان کۆکراوەتەوە، بە لای منەوە پەیداکردنی داهات بەو شیوەیە بە پێی سنورو پرنسیپی دیاریکراو کارێکی ئاساییە، لەبەر ئەوەی تاکەکانی کورد لە شۆڕشدا هەندێکیان بە گیان(ڕۆح) و برسێتی و ماندوبونی خۆیان بەشداری شۆڕش دەبن، هەندێکیشیان به هاوکاری مادی و مەعنەوی بەشداردەبن. له هەر کۆمەڵگایەکدا کێشەیەك بێتە پێشەوە ئەرکی تاك و پێکهاتەکانی ئەو کۆمەڵگایەیه هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بدەن، لە کۆمەڵگای ئێمەشدا کە سەدان ساڵە بووینەتە خاوەنی کێشەیەکی نەتەوەیی چارەسەرنەکراو، ئەم کێشە نەتەوەییەش سەرتاپای چین و توێژ و پێکهاتە و تاکەکانی کۆمەڵگای گرتۆتەوە، ئەرکی سەرشانی ئەو پێکهاتە و تاکانەی کۆمەڵگای کوردستانە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا بەشداری بکەن. ڕۆشنبیر بە نوسین و لێدوان و رونکردنەوە، پێشمەرگە و گەریلا به ماندوبون و گیان بەخشین، سەرمایەدار به هاوکاری مادی و مەعنەوی بەشداری شۆڕی رزگاریخوازی گەلی کوردستان دەکەن.

ئەگەر هەریەك له پارتی و یەکێتی له دوای ڕاپەڕین و روخانی رژێمی سەدام، بووبنە دەسەڵاتداری باشوری کوردستان و عێراق، چی تر وەك جاران پێویستیان بە هاوکاری جەماوەری کوردستان نەمابێت وداهاتی کوردستان و چالاکی ئابوری ئەو وڵاتەیان بۆ خۆیان مۆنۆپۆڵ کردبێت، ئەوەتا (پ ك ك) تا ئەمرۆش لە خەبات و تێکۆشانی گەریلاییدا بەردەوامە و نەبۆتە دەسەڵات، پێویستی به هاوکاری هەمەجۆری رۆڵەکانی گەلی کورد هەیە. بۆیە ئەگەر (پ ك ك) هاوکاری مادی له ڕەوەندەکانی قەندیل و ناوچە کوێستانیەکانی تری کوردستان وەربگرێت، کارێکی ئاساییە و ئەرکی سەرشانی ئەو پێکهاتانەی کۆمەڵگای کوردستانە به هاوکاری مادی له شۆڕشی رزگاریخوازی گەلەکەیاندا بەشداری بکەن.

له لایەکی ترەوە بۆجەماوەری گەلی کوردستان گرنگە بزانن، کۆکردنەوەی هاوکاری کوێستانەکانی قەندیل و ناوچەکانی تر، بە ئاگاداری و لە ژێر چاودێری بنکەو بارەگاکانی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستاندا(پ چ د ك) ئەنجام دەدرێت و ئەو هاوکاریانە دەگەنەوە دەستی بەڕیوەبەرایەتی (پ چ د ك). پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

حزبێکی سیاسی نەتەوەیی دیموکراتی باشوری کوردستانە، پێش شەش ساڵ دامەزراوە، سێ کۆنگرەی بەستووە،بارەگای سەرەکی لە شاری کەرکوکە، لە شارەکانی بەغدا و موسڵ و کەرکوك و سلێمانی و هەولێر بارەگای هەیە، ئەندام و لایەنگری لە هەموو شارەکانی کوردستاندا هەیە، لە هەڵبژردنەکانی عراق و کوردستاندا بەشداری کردووە، هەفتانەی ( رۆژی وڵات) دەردەکات، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە نیە بە فەرمی ئەم حزبە بناسێت نەوەك مانگانەدە دوانزە ملیۆن هاوکاری بکات. من لێرەدا بە ڕاگەیاندنەکانی باشوری کوردستان دەڵێم ئەگەر ئێوە بە تەنگ داهاتی رەوەندەکانی بناری قەنیلەوە دێن، حکومەتی هەرێم ڕازی بکەن هاوکاری مادی و سیاسی یاسایی (پ چ د ك) بکات، با ئێمەش دەست لە وەرگرتنی هاوکاری لەو رەوەندانە هەڵبگرین، ئەگەر بە رۆژەڤکرنەی ئەو بابەتەشتان بۆ بەرژەوەندی رەوەندەکانی کوێستان نیە، بۆ مەبەستی تەشهیرکردنی (پ ك ك) بوو، پێتان دەڵێم لەم حەملەیەشدا شکستتان هێنا.

2007-7-26